# ڕێبازی جەلالەددینی بەڵخی لە تەسەوفدا

لە عەرەبییەوە: پێشڕەو عەبدوڵڵا

دوای ئەوەی ئاماژەمان بە ژیانی ڕوحی شاعیری فارس مەولانا دا کە بنەمای سۆفییگەرییەکەی بۆ تەسەوفی ئیسلامی دەگەڕێتەوە، پێویستە لەناو تەسەوفیشدا ڕێبازەکەی شرۆڤە بکەین و لەو ڕێبازە سۆفیانەی جیا بکەینەوە، کە ئەم ڕێگە چاکەیان گرتووەتە بەر. بەڵخی شاعیرێکی سۆفی بووە کە لەناو سۆفیگەریدا سەرچاوەیەکی گرنگی بۆ گەیشتن بە ئەدەبێکی باڵا داناوە. بەجۆرێک ڕێبازەکەی تێکەڵەیەکە لە نێوان فەلسەفە و داناییەکی کارەکی، تەسەوفەکەی جۆرێک نییە لە تەسەوفی سلبی کە ژیان و ئەوەشی لەناو ژیاندایە بەرەو فەنای یەکجارەکی ببات، مەولانا لە سەرەتای ژیانی زانستیدا سۆفی نەبووە، بەڵکو شارەزاییەکی باشی هەموو زانستە باوەکانی سەردەمی خۆی بووە.

ئەوەی لە مامۆستاکانەوە فێری بووە لە ژیانی زانستی خۆیدا بەکاری هێناوە و دەرسی بە خەڵکی وتووەتەوە و وەک شرۆڤەکار و ڕەخنەگرێک کاری کردووە. لە کێشە زانستی و عەقڵییەکان ڕۆچووە. دوای ئەمە هەموو ژیانی خۆی بۆ تەسەوف تەرخان کردووە و لە زانستی قال و قیلەوە هەنگاوی ناوە بۆ زانستی حاڵ و ئەحواڵ، پاشان وەک تاقانەیەکی درەوشاوە لە بابەتی فیکری و دەروونی دەرکەوتووە. تا بووەتە حەکیمێکی ئەخلاقی و سۆفییەکی شاعیر. وەک زانراویشە بارگۆڕینی مەولانا لە ژیانێکی زانستی و عەقڵییەوە بۆ ژیانێکی سۆفیانە زۆر لەناکاو بووە، ئەمەش بۆ ئەو چاوپێکەوتنەی دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ سۆفی بەناوبانگ (شەمسەددین تەبریزی) لە ساڵی ٦٤٢/١٢٤٤ز لە شاری قۆنییە هەیبووە.

شەمسەددین جلوبەرگی دەروێشەکانی دەپۆشی و لە ناوچەیەکی نزیک لەو شوێنەی بەڵخی وانەی تێدا دەوتەوە، نیشتەجێ بووە. کاتێک چاوی بە بەڵخی

کەوت، شتەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و لەناکاو مەولانا دۆخی گۆڕا لە ژیانێکی دیراسی و زانستی بۆ ژیانی سۆفییەکی بیرکەرەوە. وەک باس دەکرێت ئەم چاوپێکەوتنە کاتێک بووە کە مەولانا لە تەنیشت حەوزێکەوە دانیشتووە و خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بووە، شەمسەددین کتێبەکەی لێ وەردەگرێت و فڕێی دەداتە ناو حەوزەکەوە، پاشان دەری دەهێنێتەوە بێ ئەوەی کتێبەکە تێکچووبێت، واتە تەڕ بووبێت و مرەکەبی سەر کاغەزەکان پەرشوبڵاو بووبێتەوە. زۆر ڕای دیکەش هەن لەسەر یەکەمین چاوپێکەوتنیان، بەڵام ئەم ڕووداوە یەقینیتریانە. دوای ئەم ڕووداوەش شەمسەددین کاریگەرییەکی زۆر قووڵ لەسەر مەولانا دادەنێت و باری لە وانەگوتنەوە بۆ تەسەوف دەگۆڕیت، ئەمەشی لە یەکێک لە چوارینەکانی خۆیدا وێناکردووە. «کاتێک کە ئاگری عیشق لە سینەمدا بڵێسەی سەند، هەموو ئەوەی لە دڵمدا بوو سووتاو نەما و وای کرد کە هیچ خۆشیم نەیەت لە عەقڵی ورد و کتێب و قوتابخانە». مەولانا ئیشی لەسەر هۆنینەوەی شیعر و قەسیدە کرد و ئەسپی خۆی تاودا. وا دەردەکەوێت کە مەولانا ئەو دیدارەی لەگەڵ شەمس بە کۆمەڵێک دەربڕینی جیاواز بە ئاگری عیشقی دەشوبهێنێت و لەناو شەمسدا نووری خۆشەویستی بەدی کردووە، بۆیە هەموو ژیانی خۆی تایبەت کردووە بۆ ژیانێکی ڕوحی و زوهدگەرا. لەژێر ڕۆشنایی ئەو خەلوەیەی لەگەڵ شەمس کێشاویەتی. سەرچاوەکان زۆر زانیاری کەمیان لەسەر کەسایەتی شەمس باس کردووە و وەک دەریش دەکەوێت ئەو پیاوە زۆر خۆێندەوار نەبووە، بەڵام لە قسەکانیدا نیشانەی ڕوحێکی گەورە بەدی دەکرا. وتەکانی بۆ گوێگرەکانی زۆر کاریگەربوون وەک گەڕیدەیەکیش بەردەوام لە گەڕاندا بووە. ناشزانرێت کە خەڵکی کوێ بووە و ئاستی زانستیشی نەزانراوە، تەنیا کتێبێک نەبێت بەناوی ئەوەوە بڵاو بووەتەوە ئەویش کۆمەڵێک وتارە. ئەم دیدارەی شەمس وای کرد کە قوتابییەکانی مەولانا ڕق لە شەمس هەڵگرن، چونکە بووە مایەی وازهێنانی مەولانا لە وانەوتنەوە، بۆیە دەستیان بە هێرشکردنە سەر شەمس کرد، کە بووە هۆی گۆڕینی سۆفی مامۆستا جەلالەددین بۆ دەروێشێکی تەنیا و تاقانە. وەک باس دەکرێت کاتێک شەمس هەستی بەم ناکۆکی و ئاڵۆزییە کرد، قۆنییەی بەجێ هێشت و چووە وڵاتی شام، بەڵام ئەم سەفەرە بی



**شەمسی تەورێزی**

بەرهەم نەبوو، ئەوەبوو مەولانا کەوتە ناو ئازارێکی دەروونی و ڕوحییەوە و کۆمەڵێک قەسیدەی لەسەر ئەم دابڕانە ڕوحییە نووسی. مەولانا بەتەواوی خۆی لە خەڵکی دەپاراست و بەردەوام یادی ئەو دۆستە ڕوحییەی خۆی دەکردەوە. ئەوەبوو سوڵتان وەلەدی کوڕی ناردە دیمەشق و کاتێک کە ئەم زاهدەی دیتەوە، لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ قۆنییە. دوای یەکگرتنەوەی ئەم دوو ڕوحە بەرزە، جارێکی دیکە قوتابییەکانی مەولانا کەوتنەوە هێرشکردن بۆ سەر شەمس. ئەوەبوو ئەم جارە بەیەکجاری کۆچی کرد و مەولانا تا لەساڵی ٦٤٥ک، ١٢٤٧ نەیدیتەوە، هەواڵیان بۆ هێنا کە دۆستەکەی مەولانا کوژراوە. کاتێک ئەم هەواڵەیان پێ دا، مەولانا وتی : کێیە دەڵێت کە ڕوحی نەمر (شەمس) مردووە؟ کێیە هێندە ئازایە تا بڵێت خۆری هیوا وا لە دایک دەبێت ئەو کەسە بێجگە لە دوژمنی شەمس کەسی دیکە نییە. لە دەستدانی هاوڕێکەی زۆر کاری لە مەولانا کرد و وای کرد بەردەوام حەز بەتەنیایی بکات و لە خەڵکی دووربکەوێتەوە. بەرهەمی ئەم دابڕانەش بووە هۆی ئەوەی مەولانا وەک پێشەنگی شیعری فارسی دەربکەوێت. ئەوەبوو دیوانێکی بەناوی شەمسەوە دەرکرد و لەناو زۆربەی قەسیدەکانیدا ناوی شەمسی دەهێنا، یان بە ناوی شەمس کۆتایی بەو قەسیدەیە دەهێنا، کە هەندێک

له نووسه‌ران وایانده‌زانی ئه‌م به‌رهه‌مانه هی شه‌مسن له‌به‌ر زۆری ناوهێنانی له‌ناو قه‌سیده‌کاندا، به‌ڵام لیکۆڵینه‌وه ئه‌ده‌بییه‌کان ئه‌وه‌یان ساغ کردووه‌ته‌وه که هه‌مووی به‌رهه‌می خودی مه‌ولانان.

به‌م جۆره به‌شێک له ڕێبازی مه‌ولانا له‌ناو سۆفیگه‌ریدا ده‌رکه‌وت، ئه‌ویش مه‌یلدان بوو به خۆشه‌ویستی و وه‌جد به‌مه‌به‌ستی گه‌یشتن به پله بالاکانی که‌مال، به شێوه‌یه‌ک که سۆفی ئه‌م وه‌جده له‌ناو سۆفییه‌کی تردا به‌رپا بکات، کاتێک که ئیتر شه‌مس نه‌ماو مه‌ولانا بێ هیوا بوو، وه‌جدی خۆی دایه پاڵ یه‌کێک له قوتابییه‌کانی به‌ناوی سه‌لاحه‌ددین زرکوب که حه‌زی به بینینی ئه‌و ده‌کرد و له‌گه‌ڵ ئه‌ودا بابه‌ته سۆفی و جه‌زبه ڕوحییه‌کانی تاووتو ده‌کرد، هه‌روه‌ها له‌سه‌ر بابه‌تی سه‌ماع (سه‌مای سۆفیانه) گفتوگۆیان ده‌کرد، که سه‌ماع چه‌ند کاریگه‌ری هه‌یه بۆ ڕاکێشانی سۆفی و گه‌یشتنی به پله‌ی که‌مال و چۆنیه‌تی سه‌ماع و کاتی گونجاوی سه‌ماع. مه‌ولانا هێنده قووڵ له‌گه‌ڵ ئه‌م قوتابییه‌ی ڕۆیشت به جۆرێک که ئیتر شه‌مسی له بیرکرد، که یه‌که‌م پاڵنه‌ری بوو بۆ ناو جیهانی ته‌سه‌وف.

به‌ڵام ئه‌مه زۆر درێژه‌ی نه‌کێشا، ئه‌وه‌بوو له‌ساڵی ١٢٥٨/٦٥٧ز سه‌لاحه‌ددین کۆچی دوایی کرد و مه‌ولانا به‌م ڕووداوه زۆر پشی ته‌نگ بوو و قسه‌کردنی له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی ته‌رک کرد، تا ئه‌وه‌ی خۆشه‌ویستی گۆڕا بۆ قوتابییه‌کی دیکه‌ی به ناوی حه‌سه‌ن حیسامه‌ددین له‌دایکبووی ١٢٢٦/٦٢٣ز که کۆتا هاوه‌ڵی بوو له ڕێگه‌ی ته‌سه‌وفدا. مه‌ولانا خۆشه‌ویستی و پێوه‌ندی سۆفیانه‌ی له‌گه‌ڵ به‌ست، به‌ڕاده‌یه‌ک که گوێی لێ ده‌گرت و هه‌م له‌ڕووی زانستی هه‌م له ڕووی ته‌سه‌وفه‌وه پێشنیاره‌کانی قبووڵ ده‌کرد. ئه‌م پیاوه به‌جۆرێک مه‌ولانای خۆش ده‌ویست و حه‌زی ده‌کرد که خزمه‌تێکی به‌رچاو به‌م ڕێگه‌یه بکات، ئه‌وه‌بوو زۆری له مه‌ولانا کرد که قه‌سیده‌کانی بنووسێته‌وه هه‌تا یارمه‌تیده‌ر بێت بۆ خه‌ڵکی و هاوکارییان بکات له چاره‌سه‌ی کێشه ئاڵۆزه‌کانی ته‌سه‌وف و ده‌ستی کرد به یارمه‌تیدانی مه‌ولانا له‌و ڕه‌نجه قورسه‌ی ئه‌و هه‌موو ساڵه کێشابووی.

مه‌ولانا خۆی مه‌یلی نه‌بوو که بنووسێت، زیاتر حه‌زی ده‌کرد که هه‌ر له‌ناو سینه‌یدا بمێنێته‌وه، به‌ڵام له‌به‌ر داواکاری زۆری حه‌سه‌ن حیسامه‌ددین، که له‌لای زۆر خۆشه‌یست بوو، بۆیه فه‌رمانی پێ کرد قه‌سیده و شیعره‌کانی بنووسێته‌وه، دوای نووسینه‌وه‌شی بۆ مه‌ولانای ده‌خوێنده‌وه، زۆربه‌ی له کۆڕی مامۆستاو حاڵه‌تی سه‌ماعدا ده‌خوێنرانه‌وه. حه‌سه‌ن له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که شاره‌زایی سلووکی مه‌ولانا بوو، ده‌یزانی مه‌ولانا له چ کاتێکدا شه‌وق و زه‌وقی زیاتره، له‌و کاتانه‌دا هه‌موو شته‌کانی تۆمار ده‌کرد. هۆگری مه‌ولانا بۆ حه‌سه‌ن و بۆ عاقڵییه‌که‌ی هۆکارێکی گه‌وره بوو بۆ له‌دایکبوونی ئه‌و هه‌موو قه‌سیده و نووسینه. چاکه و فه‌زڵ بۆ حه‌سه‌نه و ماف لای ئه‌وه که یارمه‌تیده‌ری مه‌ولانا بووه له‌و هه‌موو سه‌روه‌ته زانستییه چاکه‌ی که جێگه‌ی بایه‌خی زانایانی ڕۆژهه‌لات و ڕۆژئاوا بووه. زۆربه‌ی لێکۆڵه‌ران دیقه‌تی ئه‌وه‌یان داوه که مه‌ولانا له‌ناو نووسینه‌کانیدا زیاتر مه‌یلی به‌لای ڕێبازی ته‌سه‌وفه‌وه بووه وه‌ک له نووسینه زانستی و شه‌رعییه‌کانی. ئه‌وه‌ی پێ خۆش بووه که له‌سه‌ر هه‌موو شته‌کانی ته‌سه‌وف و سلووک شرۆڤه‌ی هه‌بێت، به جۆرێک له جیهانی مه‌عقوول و هه‌ستپێکراو نزیکیان بکاته‌وه و به پێچه‌وانه‌شه‌وه. زۆر هه‌وڵی داوه نموونه‌ی وه‌ها بێنێته‌وه هه‌تا له فیکر و زیهنی خه‌ڵکی نزیکی بکاته‌وه، بۆیه سه‌یرده‌که‌ی ئه‌م مه‌له‌وانه به‌توانسته توانیویه‌تی کۆمه‌ڵێک بابه‌تی ئه‌خلاقی و فه‌لسه‌فی پێشکه‌ش بکات. به جۆرێک که هه‌موو ئه‌وانه‌شی له‌و ئاسته بالایه‌ی تێگه‌یشتن نه‌بووبن، بتوانن تێی بگه‌ن. زۆرجاریش بابه‌تی ئاڵۆزی بۆ چاره‌سه‌ری کێشه که‌لامی و سۆفییه‌کان به‌کارهێناوه، به جۆرێک وه‌ک بڵێی هه‌موو توانایه زانستی و هونه‌رییه‌کان بۆ ئه‌وه هه‌ن که گوزارشت له جیهانی ته‌سه‌وف بکه‌ن، یان به‌هره‌ی زانستی هه‌موو زانست و هونه‌ره‌کان په‌یوه‌ستن به جه‌زبه ڕوحانییه‌کانی جیهانی ته‌سه‌وفه‌وه، هه‌روه‌ها که‌شفی حه‌قیقه‌ته‌کان پێویستی به ده‌روونێکی بێ خه‌وش هه‌یه. له‌گه‌ڵ پاڵفته‌کردنی ڕوح و ویژدان له هه‌موو پیسی و ژه‌نگ و ژارێک، له‌گه‌ڵ ئاراسته‌کردنی خوڵق و فه‌زای مرۆڤ بۆ زه‌مینه‌یه‌کی قووڵی وه‌ها که بۆ جیهانه ڕوحییه‌که‌ی یارمه‌تیده‌ر بێت.

**سه‌رچاوه:**

**جلال الدين الرومي بين الصوفية وعلماء الكلام، د. عناية‌الله ابلاغ افغاني، الدار المصرية اللبنانية، الطبعة الاولى، ١٩٨٧، ص١٣٩-١٤٢.**